ئیسماعیل محەمەد



# بەخۆشەویستیی تۆوە ئەمرم

شیعر

2003

ئیسماعیل محەمەد

# بەخۆشەویستیی تۆوە ئەمرم

شیعر

**<u>چاپی یەکەم ٢٠٠٣</u>**

ناوی کتێب: بەخۆشەویستیی تۆوە ئەمرم

شاعیر: ئیسماعیل محەمەد

بابەت: شیعر

مۆنتاژ و نەخشەسازی بەرگ: بازیان جەلال

مۆتیف: محەمەد فەتاح

تیراژ: (٥٠٠) دانە

چاپخانەی بەدرخان - سلیمانی (٢٠٠٣)

ژمارەی سپاردنی (١٨٨)ی ساڵی (٢٠٠٣)ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

پێشکەشە بە . . .

❖ دایکم

❖ شلێر

# میوان

لێم مەپرسە بۆچی ئەمرۆ
ژوورەکەم وا رازاوەیە...
ئەمرۆ باخچەی حەوشەکەشمان
زۆر بۆن خۆش و گەشاوەیە

میوانێکی ئازیزم دێ
وەک گیانم خۆشم ویستوە
ئەی نابینی فەرشی رۆحم
بۆ پێشوازیی راخستوە

ئەو رۆژانەی کەدێی بۆلام
دیدەم روون و پڕ نوور ئەبێ
خۆشەویستییم نەک هەر بۆ تۆ......
بۆ عالەم بێ سنوور ئەبێ

دە زوو وەرە کزەی جەرگم
بۆ حەز ئەکەی بێ تاقەت بم
تا گفتی هاتنێ ئەدەی...
ئەبێ سەد جار بەساقەت بم

**لەژمارە ( ١٨١) ی رۆژی (٢٠٠٠/٢/١٤)ی**
**رۆژنامەی هەرێمی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە**

# سۆز

خۆت مەدەرە دەست قەدەر و
خاکی ئەم رۆحەم مەکێڵە
کەهەر ئەشرۆی چی گلەیی و
یادگار هەیە بە جێی بێڵە

هەموو مانگێکم... عەزیزم
بۆتە مانگی سەفەر لێرە
دەنگ و باسی غەریبیتم
بە هەوریکا بۆبنێرە

کەسێ شک نابەم تا خەم و
رازی دڵی لاباس بکەم
چۆڵی و خامۆشی ئەم شارە
نازانم چۆن پێناس بکەم

ئەو دەمەی ماڵئاوایت کرد
خەمێکت کرد بەنسیبم
تۆ ئەم شارەت جێ هێشتوە
من واهەست ئەکەم غەریبم

ئەم شارە کەسی تیا نەما
هەر لەچۆڵەوانی ئەچێ
وێنەی دوا دیدارمان بەرە
نەبا ئێمەت زوو لەبیر چێ

توخوا گوڵم تۆش بەم کۆچەت
خەمێکی کەم بۆ زیاد مەکە
ئەگەر منیشت لەبیر کرد
سلێمانی لە یاد مەکە

**هونەرمەند( عەتا قەرەداغی )کردوویەتی بەگۆرانی**

# وەسیەت

واهەست ئەکەم ماڵی ئێوە
ئەم شارەی جوانتر کردووە
ئەی نابینی دار و بەردیم
چۆن لەچاوما هەڵگرتووە

خۆزگە منیش دارێک بوایەم
لەو دارانەی باخی گشتی
هەرنەبێ جار جار ئەهاتی و
لە سایەما دائەنیشتی

خۆشەویستی ئەم وڵاتەش
بۆیە بەناخما ڕۆچووە
ئەگەر ڕۆژێ بۆشی کوژرام
بزانە لەبەر تۆ بووە

گوێم لە لۆمەی خەڵکی نییە
ئاساییە چ دەبێژن
وەسیەت ئەکەم ئەگەر مردم
نزیک لەماڵتان بمنێژن

**لەژمارە (٣٢٨) یرۆژی (٢٠٠١/١/٢٢)ی رۆژنامەی**
**هەرێمی کوردستاندا بلاوکراوەتەوە**
***هونەرمەند (ئالان عومەر) کردوویەتی بەگۆرانی**

# ماڵێك بۆ خۆشەویستی

چ کارەساتێکە دەستێکم
دەستەکەی ترم بشکێنێ
ئەم چاوەم بەرایی نەیە
چاوەکەی ترم ببینێ

من بۆ هەڵوەرینی گوڵێ
دڵم هۆن هۆن ئەشکی پیایە
کەچی تۆ بۆمەرگی باخێ
خورپەیەك بەدڵتا نایە

ماڵێ غەدر دروستیکا
بەخۆشەویستی نامۆیە
چراخانیش بێ تاریکە
ئەڵێی هەناوی گڵکۆیە

خۆشە هەموو لەماڵێکا
ئەوین کۆمان بکاتەوە
بارانی سۆز و موحیبەت
جوانی بەژین بداتەوە

۲۰۰۲

**کراوەبەگۆرانی پێشەکیی زنجیرەی تەلەفزیۆنی**
**(رەشەی پۆلیس).بەدەنگی هونەرمەندان**
**(حەمەرەووف کەرکوکی)-(ئەمەل سەعید کوردە)**

# تابلۆی ئەوین

نازانم بڵێم چەندم خۆشئەوێی
کەئێستا عەشقت داگیری کردووم
چەندە دڵگیرە باخی ئەوینت
دنیایەک گوڵی جوانی بۆگرتووم

گۆرانیەکت بۆ ئەڵێم گیانە
هەتاکو ئێستا کەس نەیبیستووە
ئەوەی گوێی لێبێ پێشک بزانێ
ئەم گۆرانیەم بۆتۆ وتووە

لەبەرتۆ هەموو کەسم خۆشئەوێ
عەشقت ئەوینی فراوان کردم
خۆشەویستی تۆ هێندە گەورەیە
باڵای هۆنراوەی بەرز و جوان کردم

ئەوسا کەهێشتا تۆم نەناسیبوو

هەروام ئەزانی دڵم مردووە

نەمزانی کەخوا ئەو دڵەی منی

بۆ ئەوینی تۆ دروست کردووە.

**هونەرمەند (نیان عەبدوڵڵا) کردوویەتی بەگۆرانی**

# خۆرنەوەزان

لەنساری خۆرنەوەزان
تاوێ گوێ بگرە لەرازم
هەقم بەرێ بەجوانی تۆ و
ئەم خاکەوە من بنازم

ڕۆژانێک بوو بیر و باوەڕ
لەهەموو شت پیرۆز تربوو
گرەوی گیان بازی وابوو
کێ لەوەی تر دڵسۆز تربوو

کوا ڕۆژانی بەرائەت و
پاکی و سادەیی و ڕاستگۆیی
چەشنی کۆچی ئازیزانمان
بەشێنەیی هەمووی ڕۆیی

ئەمێستاکە بەناچاری
ڕێی نامۆیی ئەگرینەبەر
ئەوەی ماوە لەژیانمان
لەغەریبی ئەیبەینە سەر

بمبەنەوە بۆرۆژانی
پڕ لە یادی خۆشی جاران
بۆزەمەنی موحیبەت و
مەجلیسی گەرمی ئێواران

لەهەر کوێ بین ... بۆکوێ بڕۆین
هەر نیشتمان قیبلەمانە
هەر دێینەوە... ئەم وڵاتە
دوامەنزڵی هەموومانە.

١٩٩٩

**کراوە بەگۆرانی پێشەکیی زنجیرەی تەلەفزیۆنی (خۆرنەوەزان)**
**بەدەنگی هونەرمەندان: (ئەیوب عەلی و شێرکۆ طاڵب)**

# حەسرەت

هەناسەکەم

هۆ... لێدانی دڵە پڕ خەم و تاسەکەم

ڕەسا وەرەوو

ڕەبا چیدی بەئەنرێشەی ڕووریت... گیانە،

ماندوونەبێ مێشکە چەنجاڵ و کاسەکەم

ڕەسا وەرە و

لەئامێزی پڕلە سۆزت، تاوێ بنووم..

خۆزگە ئەتزانی بۆ ڕووریت

چەنرە پەرێشان و ماندووم

لەو ڕۆژەوەی بە جێم هێشتوویت

خەویش چاوی بەجێ هێشتووم..

نامۆیی و ڕووره ولاَتییش

ئەسرینی زۆری پێ ڕشتووم..

هۆ گیانەکەم

زۆر ئەترسم ئالەم خاکە نامۆیەرا

لەم وڵاتی بێ تۆیەدا
منی نامۆ
منی بێ تۆ
بۆدواجار سەر بنێمەوە
جارێکی تر
بۆباوەشی تۆ و شارەکەم نەیەمەوە..
بەڵام نەخێر ..
کەمن عەشقی چاوانی تۆو شارەکەم بم
کەمردیشم نەمر ئەبم
دڵەکەم ... چاوئەستێرەیی
لەم شەوگارە خامۆشەدا
ئەستێرەکان لام میوانن
چونکە لەچاوانت ئەچن..
وەکو چاوەکانت جوانن..
گیانە ئەمشەو
من و ئەم شیعرە ساوایەم

یادی دوو چاوی گەش ئەکەین.

لەبیرت دێ داوای شیعرێکت لێ کردم

ئەوا ئەمشەو

من و شیعر دەستەو نەزەر

دێین خۆمانت پێشکەش ئەکەین..

**عەممارە**

**١٩٩٠**

**لە ژمارە (١٨٧٤) ی رۆژی(٢/٦/١٩٩٩)ی**
**رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاو کراوەتەوە**

# ناز

ئەوەندە جوان و ناسکی
هەرلەگوڵی ناز ناز ئەچی
وەختێ بەشەرمەوە ئەدوێی
لەخۆشترین ئاواز ئەچی
بەئاسانی کەس تێناگا
لەنهێنی و لە راز ئەچی
بۆ هەرکوێیەک کەبانگ ئەکرێی...
منەت ئەکەی بەناز ئەچی

**لەژمارە (١٦٣)ی رۆژی (٦/١٢/١٩٩٩)ی**
**رۆژنامەی ( هەرێمی کوردستان )دا بلاوکراوەتەوە**

# سوتان

کێ وەکو من خۆشی ئەوێ

کێ وەکو من بۆت ئەسوتێ

ڕۆژنییە بۆ بینینێکت

دەرسی یەکەمم نەفەوتێ

نەک بەتەنها دەرسەکانم

واخۆشم ئەفەوتێم ..گوڵێ

تۆش بەمانە هیچ نازانی و

کەسێکیش نییە پێت بڵێ

لەژمارە (١٦٣)ی ڕۆژی (٦/١٢/١٩٩٩)ی

ڕۆژنامەی (هەرێمی کوردستان)دا بڵاوکراوەتەوە

# گوڵ

وتیان ئەو کچەی خۆشتویستووە
شیعر و گۆرانیت زۆر بۆ وتووە
لەکام گوڵ ئەچێ و لەکام گوڵ چووە ؟
پێم وتن ئەشێ نەتانبیستبێ
ڕەنگە گوڵ جوانی لەو وەرگرتبێ

**لە ژمارە (١٧٣)ی رۆژی (٢٠٠٠/١/١٧)ی**
**رۆژنامەی (هەرێمی کوردستان)دا بلاوکراوەتەوە**

# دوادیدار

بەحوزنەوە ...
خوا حافیزیت لێئەکەم و
بەجێی دێڵم ئەم هەوارە
وەرە باتێر تەماشات کەم
چونکە ئەمە دوا دیدارە

لێرە کەس گوێ بەحەسرەت و
ماجەرای عاشقان نادات
گوڵم... هیچ کەس لەزمانی
خۆشەویستی و عەشق ناگات

لەم وڵاتەی کەوا سۆز و
میهرەبانی تیا نەماوە
رێم لێ مەگرە باخۆم بدەم
بەدەست غوربەتی مەنفاوە

وەرە لەئامێزت بگرم
گیانە پێش ئەوەی سەفەرکەم
نەک بەئەشکی دیدەکانم
ئەمشەو ماڵەکەتان تەڕکەم

ئەزانم گۆڕ غەریب ئەبم
بۆیە ئاوا بەکوڵ ئەگریم
لەهەرکوێ بم ... چاوەکانم
هەر بەیادی تۆوە ئەژیم

**لەژمارە (٢٠٧٠)ی رۆژی (١٠/٢/٢٠٠٠)ی**
**پاشکۆی ئەدەب و هونەری ( کوردستانی نوێ)دا بڵاوکراوەتەوە**

# بێ مروەتی

لەناسکیت ناسکترە
دڵم بەرگەی شکان ناگرێ
دڵی ناسک و پڕ سۆزیش
بەخۆڕایی بەکەس نادرێ
ڕۆژێ زووتر بمرەوە
گەر دڵنەواییت پێ ناکرێ
چەند بێمروەتە ئەو کچەی
قەدری دڵی شاعیر ناگرێ

**لەژمارە (١٨١)ی ڕۆژی (٢٠٠٠/٢/١٤)ی**

**ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە**

# بەیانی باش

لەو ڕۆژەوەی بەیانی باشت لێ کردووم
لای ئەم و ئەو بەکوڕی باش ناوت بردووم
لەو ڕۆژەوە خۆشم ویستووی
وەک عەیامێک بێت بتناسم
وا ئولفەتم پێوەگرتووی

**لەژمارە(١٨١)ی ڕۆژی (١٤/٢/٢٠٠٠)ی**
**ڕۆژنامەی (هەرێمی کوردستان)دا بلاوکراوەتەوە**

# هێما

خۆم ئەزانم هەر بەئەنقەست
جانتاکەت خست لەبەرپێما
وەختێ هەڵمگرتەوە بۆت
قسەیەکت دابەگوێما
هەر ئەوکاتە دڵم لەناو
جانتاکەی شانتا بەجێما
ئێستا دڵم وا لە جانتای
کچێکی جوانی (هەرێما)
لەو ڕۆژەوە دڵی من و
جانتاکەی تۆ بوون بەهێما

لەژمارە (٢٠٣)ی ڕۆژی (٢٠٠٠/٥/٨)ی
ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە

# شێوە

کەئەتبینم نازانم بۆ...

بۆ ... زمانم لەگۆ ئەچێ

ئەو ڕۆژەی تۆی تیا نابینم

لەعومرم بەفیڕۆ ئەچێ

کەئەوینت ئەبارێنی

لەبارینی گەزۆ ئەچێ

ئەو شۆخانەشم خۆشئەوێ

کەشێوەیان لەتۆ ئەچێ

**لە ژمارە (٢٠٣)ی ڕۆژی (٢٠٠٠/٥/٨)ی**

**ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە**

# ئەدرەس

یێگەڕانە خۆشم ویستووی

پەپوولانە لێوم گەستووی

ئەوەندە شیعرم بۆ وتووی

تابەشیعری من گەورە بووی

ئەمێستاکە خەڵکی هەمووی

بەشیعری منا ئەتناسن

بشێ بیرت چووبێتەوە

شیعرێ بۆتۆم نەنووسیبێ

کەسێ نایان خوێنێتەوە

ئەوەی ئەدرەسی تۆی بوێ

شیعرێکی منی ئەدەنێ

ئەگەرشیعری من نەبایە

کێ تۆی ئەناسی بەتەنێ

بەشیعرەکانمەوە جوانی

شیعری من بەتۆوە جوانە

عەشق و ئەوینی شەم وای کرد

وەلی ببێ بە دێوانە

**لەژمارە (٢٠٣)ی ڕۆژی (٨/٥/٢٠٠٠)ی**

**ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە**

# نهێنی

لەلای کەس باسم نەکردووی
نەموتووە خۆشم ویستووی
تێناگەم خەڵکی چۆن زانی
کەلەچاوما هەڵمگرتووی
خۆشەویستی شتێک نییە
هەتاکووبشارێتەوە
من چیبکەم خەڵکی بتوانێ
چاوانمان بخوێنێتەوە..

*لە ژمارە (٥٧)ی رۆژی (٢٠٠٠/٥/٢٧)ی
رۆژنامەی (رۆژانەی سلێمانی)دا بلاّوکراوەتەوە

# ئەگەر هاتی

ئەگەر هاتی...
پێویست ناکا لەدەرگابەی
مەگەرتەپەی پێت ناناسم !!
گەر ئەزانی بۆمن نابی
بارۆحی دیل و کەساسم
بەتاڵێکی قژی خاوتا
لەباتی گوڵێ هەڵواسم

# تۆران

تۆ کەی دڵت وارەق بووە
بۆدەست ئەنێی بەرووەمەوە؟!
ئەی سوژدەم بۆچاوت نەبرد
تالەگەڵت ئاشت بوومەوە

دەوەرەوە وەکو جاران
بەنازەوە مەیلم بەرێ
لەوەزیاتر گەڵای رۆحم
بانەژاکێ و هەڵنەوەرێ

نەمزانی هێندە ناسکی
دەنا قەت نەم ئەرەنجانی
تو ناسکی و جوانی باڵات
بمانبەخشە بەخوای جوانی

دەسا وەرەو ،وەکو جاران
سەرداری پایتەختی دڵ بە
لەباخچەی ئەوینی منا
تەنها هەر خۆت تاقە گوڵ بە

دەمن چی بکەم کە ناتوانم
بۆساتێ فەرامۆشت کەم
ئەی چرای خۆشەویستی دڵ
زۆر ئەستەمە خامۆشت کەم

هەموو عومری شیرینی خۆم
لەرێی عەشقی تۆدا سوتان
جەخار... تەنها بۆ هەڵەیەک
بەیەکجاری خۆت لێم تۆران.

**لە ژمارە(٢١)ی ڕۆژی (١٧/١٠/٢٠٠٠)ی**
**هەفتەنامەی (زانکۆ)دا بلاۆکراوەتەوە**

# خەون

کەم خایان بوو عومری گەنجیم
هەر ناشزانم چۆن تێپەڕی
لەم وەرزی پایزەی عومرم
گەڵای خەون و خۆزگەم وەری

کێ گوێ لەخەمی من ئەگرێ
باسی خەمم دوایی نایەت
مەگەر تەنیا چۆلەکەکان
بۆ ئەم وەرزەم بینە شایەت

لەرۆژی دەیبوری ژینم
تروسکایی بەدی ناکەم
تازە تەمەن بەجێی هێشتم
ئیتر بەهیچ خەونێ ناگەم

خۆزگە منیش وەک سنەوبەر

هەمیشە جوان و سەوز ئەبووم

یان بەوێنەی گوڵی مینا ..

گوڵی گەشی چوار وەرز ئەبووم

ئەوا تاڵ تاڵ پرچی سپی

بۆتەنیایی ئەهۆنمەوە

تەنیا هەرخۆم رۆژ ژمێری

خەمەکانم ئەخوێنمەوە

٢٠٠١

*کراوەبەگۆرانی پێشەکیی زنجیرەی تەلەفزیۆنی

(خەمی چۆلەکەکان) بە دەنگی هونەرمەند

ئەمەل سەعید کوردە

# گریان

ئەمشەو ژوورەکەم زۆر ساردە
وەک ساردیی تۆ بەرامبەرم
هەتا چرایەکیش نییە
تا هەڵیکەم لەژوور سەرم
ئەمشەو خەویشم زڕاوە
وەک ناوەکەم کەزڕاندت
گریام بۆ ئەو شیعرانەشم
کەسووتاندت... کەدڕاندت
شیعر نانووسم بۆ کچێ
دڵی بێت گوڵ هەڵوەرێنێ
کچێ قەدری شیعر نەگرێ و
وەکو بەختم بیسووتێنێ

لەژمارە (٣٢٨)ی رۆژی (٢٠٠١/١/٢٢)ی
رۆژنامەی هەرێمی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە

# خۆشم ئەوێی

گەرچی ئێستا نامدوێنی و
ئەڵێی هەرگیز نەتناسیووم
ئەڵێی هەرتۆش نەبووی نامەی..
پڕ لە ماچت بۆ نووسیووم
گەرچی تۆ دڵت شکاندووم
گەرچی تۆ ناوت زڕ اندووم
هێشتا ئاواش خۆشم ئەوێی
لەبەرچاوم ناشرین نابی
ئەگەر هەزار ئەوەندەی تر
بێ مروەت و بێ وەفا بی

**لە ژمارە (٣٢٨)ی رۆژی (٢٠٠١/١/٢٢)ی**
**رۆژنامەی هەرێمی کوردستاندا بلاَو کراوەتەوە**

# سۆزی غەریبی

وەختێ هاتم... لەگەڵ خۆما
لەناو دڵما هەڵمگرتی
بۆ ڕۆشنایی ڕێی سەفەرم
لەجێی چرا هەڵمکردی

ئەو ڕۆژەی ماڵئاواییم کرد
بەناچاری بەئاهی سارد
نیشتمانم و منالیم..
بەچاوەکانی تۆ سپارد

وا تێنەگەی کەڵێت دوورم
بڵێی تازە ڕۆیشتووە..
بۆنازانی ئێستا ڕۆحم
لەوێ... لای تۆ جێهێشتووە

دووریمان چەند بخایەنێ
یادەکان شیرینتر ئەبێ
سۆز و عەشق و خۆشەویستیت
لەجاران بەتینتر ئەبێ

چەند غەریبیت ئەکەم گوڵم
وەلێ هێشتا بێ ئاوات نیم
بۆیە ڕۆحم لەوێ جێهێشت
تا هەست نەکەی کەلالات نیم

جاڕس مەبە.. چاوەڕێم بە
بەیانییەک هەردێمەوە
ئەو سترانەی بۆم ئەوتی
لەوسا خۆشتر ئەیڵێمەوە

چەند درێژە... گوڵم بێ تۆ

شەوانی دووری و غوربەتیم

ئەو نامانەی لای تۆوە دێن...

سەبوورین بۆ بێتاقەتیم

سالآنێکە من حەسرەت و

خەمی دووری تۆ ئەچێژم

کەهاتمەوە لە ئامێزتا

هەمووی بەماچێ ئەڕێژم

لەژمارە (٤٠١)ی رۆژی (٢٠٠١/٥/١٤)ی

رۆژنامەی (هەرێمی کوردستان)دا بلاْوکراوەتەوە

هونەرمەند (بورهان خۆشناو) کردوویەتی بەگۆرانی

# ئەمتومان

با سەرماش جەستەم بکا بەشەختە
کەمن بۆلای تۆ بگەڕێمەوە
وەکو چلورەی گوێسەبانەکان
بەخۆری عەشقت هەر ئەتوێمەوە

لەڕێگایەکی دوورەوە هاتووم
باڵندەی ڕۆحم کفت و هیلاکە
مەگەر ئامێزی گەرمت چەند ساتێ
بۆمن ببێتە داڵدەو پەناگە

وا خۆشەویستی لێرە ئەیبەستێ
عەشق گوڵێکە زوقم بردوێتی
لەم تەمتومانە ئاسۆنابینم
کەژی ئاواتم بەفر گرتوێتی

با لەسەر سنگت وچانێ بدەم
نەبا رەق هەڵێم ئەمرۆ لەسەرما
مەگەر ئەو کاتە شیعری بێنازم
پرسەم بۆ بگرێ و بگری بەسەرما

**لەژمارە (٢٣٣)ی رۆژی (٢٠٠١/٥/٢٤)ی**
**ئەدەب و هونەری (کوردستانی نوێ)دا بلاوکراوەتەوە**

# مەرگی ئەوینێک

بەزامەکانی فەرهادولاڤە... پێشکەشە

وەرزی چرۆ و گوڵکردن بوو
بەسەر چوو بوو وەرزی وەرین
نەمامی عومری جوانی تۆ
گەڵاکانی بۆ هەڵوەرین ؟!

مەگەر فەرهاد خۆی بزانێ
زامی دڵی چەند بەسوێیە
تەنیا فرمێسک سەبووری..
دڵی زامدار و توێ توێیە

لێمگەڕێ با تێر تێر بگریم
بۆ جوانەمەرگیی ئەوینێ
باچاوم لێڵایی دابێ و..
ئیتر مەرگی وا نەبینێ

ئەمڕۆ لەپرسەی عەشقێکا
چاوەکانم بوون بەکانی
سیروانێ ئەشکی لێ ڕۆیی و..
کەچی هەر وشکی نەهانی

تێناگەم بۆ خۆشەویستی..
هەموو وەرزێکی خەزانە
فیراق تەلاری کام دڵی..
نەکردووە بە وێرانە.

٢٠٠٢/٣/١٦

**ڕۆژی (٢٠٠٢/٤/٢٤) لەچلەی ماتەمینی (لەیلای ڕەزاقی)**
**بێژەری دەنگی گەلی کوردستان خوێندراوەتەوە.**

# بمبەخشە

کەجێم هێشتی نەمئەزانی
هەنگاوم بەرەو کوێم ئەبا
شپرزە بووم وەکو گەڵای..
هەڵوەریوی دەم رەشەبا

کەتۆم ناسی پێم نەوتی..
من ناتوانم ئاسودەت کەم..؟
ئیتر بۆچی لەگەڵ دنیای..
خەمەکانما ئالودەت کەم

چاوانی شەونماوی من..
گوڵم... هەمیشە بێدارە
ئەبێ بمبەخشی کەبۆتۆ..
بوومەتە مایەی پەژارە

لێم ببوورە کەنەمتوانی..
بیمە بەهەشتی ژیانت
خۆم بەتاوانبار ئەبینم..
لەبەر دیدەی پڕ گریانت

ئەم وڵاتەو خۆشەویستی..
من و تۆیان نەوتوە
ئەڕۆم هەتا عەشقی ئێمە..
بەرگوێی کەسێ نەکەوتووە

# هەرپێت ئەڵێم

ئەی ئەو شۆخەی کەسێ نییە...
خۆشی نەوێ
وەک ئەوانەی دەستت نا بەڕوویانەوە
ئەزانم دەست بەروی منیشەوە ئەنێی
ئەزانم چەند بەنازەوە
ببوورەیەکم پێ ئەڵێی
بەڵام بەخوا ئەبێ ڕۆژێ
هەرپێت بڵێم خۆشم ئەوێ

**لەژمارە (٣٢)ی رۆژی (٢١)ی یۆلیۆی (٢٠٠٢)ی**
**رۆژنامەی (سلێمانی نوێ)دا بلاوکراوەتەوە**

# ئولفەت

زۆر ئەترسم لەوە زیاتر
گەر ئولفەتت پێوە بگرم
ئەگەر ڕۆژێ تۆ نەبینم
وەکو منداڵ وڕک بگرم
خۆت ئەزانی دڵی منداڵ
چەند ناسک و چەند خاوێنە
سۆزی خۆتم پێ ببەخشە و..
وەک ساوایە بملاوێنە

# ژن

ئەڵێن ژنت زۆر خۆشئەوێ
ئەڵێم چونکە زۆر بەمیهرن
بەهەشتێکن لەموحیبەت
سەرچاوەو هەوێنی شیعرن
بۆیە منیش هەتا ئەمرم
تەنها بۆ ئەوانە شیعرم
ئەگەر ئەوان نەبوونایە
رەنگە شیعریش هەر نەبوایە

لەژمارە (٣٨)ی رۆژی (١/١٢/٢٠٠٢)ی
رۆژنامەی (رێوان)دا بلاوکراوەتەوە.

# ئەمشەو ڕۆحم داگیرسێنە

ئەو گوڵەی کە دامەدەستت
من... بەبۆنەی ساڵی نوێوە
نیشانەی خۆشەویستیمە
بۆتۆی ئازیزم... لەنوێوە

کەساڵی نوێ دێتەپێشێ و..
ساڵێ جێ دێڵم لە عومرم
واهەست ئەکەم ساڵ لەدوای ساڵ
بۆ ئەوینت موحتاجترم

هەموو ساڵ و بۆنەیەکت
پیرۆز بێت... شۆخی بێ دەربەست
دیاری من بۆ تۆ... ساڵانە
شیعرێکە وەکو چاوت مەست

ئەمشەو جەژنی سەری ساڵە

ئەوە ڕۆحم دایگیرسێنە

گەر شیعرەکەم لەجوانیا

لەتۆ نەچوو بیسووتێنە

# هەڵبژاردن

لەهەرلیستێ خۆت کاندیدکەی
من لایەنگری ئەو لیستەم
بەتەنها خەم بەوەئەخۆم
کەتۆ بێ ئاگای لەم هەستەم

باتۆخۆشت هەڵنەبژێری
دەنگی من تەنها بۆتۆیە
گەرتۆ بڕوات بەهیچ نەبێ
لای منیش هەمووی درۆیە

پڕوپاگەندەت بۆ ئەکەم
وەکو ئەرکێکی سەر شانم
تۆ دەربچی یا دەرنەچی..
هەرتۆ بەنوێنەر ئەزانم

**کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢**

**لەژمارە (٢٣)ی شوباتی (٢٠٠٣)ی رۆژنامەی (نۆژەن)دا بڵاوکراوەتەوە**

# بەبۆنەی سالی نوێوە

تۆ ئەمشەو سەرگەرمی خۆشیت
تابەیانی لەئاهەنگیت
منیش وەک چرای ژوورەکەم
کزئەسووتێم بەبێ دەنگی

وەک ئەو مۆمەی کەداتگیرساند
هەموو عومرم بۆسووتانی
گیانەکەم لام گرنگ نییە
پێ بزانی یا نەزانی

# دوا سوڕنج

چۆن پێت بڵێم ماوەیەکە
کەتۆ ئێرەت جێ هێشتووە
دارو بەردی ئەم دەڤەرە
ڕەنگی پرسەی لێ نیشتووە

لەدوای چوونت... جێژوانمان
کپە..بێدەنگە ..خامۆشە
ئەو شەقامەی کەنهێنی
ئێمەی لایە بۆت پەرۆشە

لەوڕۆژەوەی کەڕۆیشتووی..
فرمێسکم خۆش ناکاتەوە
چی سەبووری دابڕان و
تەنیایی من ئەداتەوە؟!

دواسەرنجی ماڵئاوایی
بەجێی ناهێڵێ بینایی‌م
مەگەر ئەو هەورە جارجارێ..
بەکوڵ بگری بۆ تەنیاییم

کەڕۆیشتی هەست و هۆش و
خۆشیت بردم لەگەڵ خۆتا
بابزانی بۆکوێ بچی..
ئۆباڵم وا لەئەستۆتا

ئێستا لەوێ کێ شەونمی..
ئەشکی گۆنات وەک من ئەسڕێ
بێ لەمشتێ بیرەوەری
تازە دوای تۆ چیم پێ ئەبڕێ

# سۆزێك بۆ نالی

عەشقی حەبیبە عەزیزم..
نالی وێڵ و سەرگەردان کرد
(خاك وخۆڵ)ی نیشتمانی
بۆ غەریبی لەگەڵ خۆی برد

لەو ڕۆژەوەی نالی ڕۆیی
شارەزوور تەنیا مایەوە
کەس دڵ خۆشی خەمەکانی
ئەم هەوارەی نەدایەوە

ئێستا سیروان و تانجەرۆ
بۆئەو کۆچە بەکوڵ ئەگرین
سەیری دیدەی عاشقانکە
کەچۆن بۆتە گۆمی ئەسرین

لەپای عەشق و خۆشەویستی
سەرکەرەت دڵیان شکاندی
حەبیبە چەند بێمروەت بوو
گوڵی خۆزگەی هەڵوەراندی

# عەشق

ڕۆژژمێری عەشقی منە
مەیسووتێنە ئەونامانە
گوڵم... هەمووی خورپەی دڵ و
عەشقی پاك و وشەی جوانە

تۆنامەی من ئەسووتێنی..
من نامەی تۆ ئەمسووتێنێ
نامەکانت هەموو شەوێ..
بە بێدەنگی ئەمگرێنێ

ئەگەرچی تۆ بوویتە مایەی
ئەو هەموو خەم و عەزابەم
بەڵام قەت ڕۆژێ لەڕۆژان..
وەك بێ وەفا ناوت نابەم

با ئازاری دڵیشم بەی

خۆشم ئەوڵی هەتا ماوم

چەند بێپاك و بێمروەت بی

هەروای لەناو دڵ و چاوم

# چاوەڕوانی

خەوم بینی.. لەم خەوەما
هاتیتەوە ناو گڵێنەم
ماڵێکم بۆ دروست کردی
لەعەشقی پاک و بێ وێنەم

ماڵێک پڕ لەخۆشەویستی
پڕ لەبەرامەی شیعری جوان
ماڵێک پڕ پڕ لە گۆرانی
بەنوری عیشق چراخان

خێر نەیەتە ڕێی ئەو کەسەی
ئەم سەفەرەی بۆ ڕێکخستی
دەوەرەوە لەوێ ماڵێک...
نییە... نا بۆ خۆشەویستی

# بەخۆشەویستیی تۆوە نەمرم

ئەمشەو یادی تۆ یەخەی پێ گرتووم
بۆیە چاوانم مەیلی خەو ناکا
ئاسمان بێ ورشە و بێ ئەستێرەیە
شەوێکە گوڵم... هەر لەشەو ناکا

ئێستا تۆ شەوی سور بەڕێ ئەکەی
منیش شەوی پڕ حوزن و تەنیایی
بۆچی خەرمانی عەشق و ئەوینمت
ئاگر تێبەردا وابە خۆڕایی

ئێستاش لەوکەسە خۆشترم ئەوێ
کەبەحوکمی دین هاوسەری ئەوی
سەیرە ئەو هەموو زوڵمەت لێکردوم
کەچی قەت لەبەر چاوم ناکەوی

بڕوام پێبکە هێندەم خۆشئەوێی
ناتوانم ڕقت قەت لێ هەڵگرم
سینەم ئەو خەمە هەڵناگرێ... ئاکام
بەخۆشەویستیی تۆوە هەر ئەمرم

# ئازارەکانی نامۆیی

تۆ بەشێکی لەنیشتمان
گوڵم بۆیە خۆشم ئەوێی
ڕۆژانە دڵم ئەتبینێ و..
لەگەڵ هەست و ڕۆحم ئەدوێی

ئەو ڕۆژانە کەمێك شادم
کەهەواڵی تۆم پێ بگا
هەرچی ئەڵێم مەگەر تەنیا
غەریبی خۆی لێم تێ بگا

ئەگەر عەشقی ئێوە نەبا
غوربەت وێرانی کرد بووم
بە ئومێدی گەڕانەوەم
دەنا لەمێژە مرد بووم

ئازاری دووری و نامۆیی

چرچی خستۆتە روخسارم

هەرکەسێ ئەمخوێنێتەوە

وا ئەزانێ پرسە دارم

# عەشقێکی سەوز

من وائەزانم تۆ نەبوویتایە
شیعرم ئەوەندە ناسک نەئەبوو
قەت سنەوبەری ئەم نیشتمانە
بەو چەشنە جوان و کەسک نەئەبوو

ئەی سنەوبەری هەمیشە سەوزی
عەشق و ئەوینم
درەختەکانی گوێژەم خۆشئەوێ
بالآ شەنگەکەی تۆی تیا ئەبینم

شەوان چاوی تۆو ئەستێرەکانم
لەیەکتری بۆ جیا ناکرێنەوە
قەت لەتەلیسمی چاوانت ناگەم
نیگاکانتم بۆ لێک نادرێنەوە

هەتا ئەستێرە بەئاسمانەوە
بەو جوانییەوە ، گوڵم ورشەی بێ
ئەبێ شیعریشم بەسەر باڵاتا
وەک نمەی باران هەرپروشەی بێ

# گوڵی گۆنات

عارەق ئەڵێی شەونمە
بەگوڵی گۆناتەوە
بادیرەی فرمێسکاویم
سەرگۆنات بشواتەوە
مەگەر هەناسەی ساردم
فێنکت بکاتەوە

بەجوانیت هیچ نازداری
وەک تۆ نازی لێ نایە
وەرە بەناز بمکوژە
بۆ چیمە ئەم دنیایە
ئەزانم کەزالمی
بەزەییت پێمدا نایە

وەک سەرچنار و سیروان
ئەشکم جۆگەی بەستوە
بێمروەتییت دەریایەک
فرمێسکی پێم رشتوە
ئاواش هێشتا وەکو من
کەس تۆی خۆشنەویستوە

ئێواران کوڵمی ئاڵت
شەڕی زەردە پەڕ ئەکا
شەوان لەگەڵ ئەستێرە
چاوەکانت شەڕ ئەکا
لەم شەڕانە فەقیری
وەکومن زەرەر ئەکا

چاوەکەم خۆبەماچێ
جوانیت کاڵ نابێتەوە

بەتیشکی خۆری لێوم
بەفری رووت ناچێتەوە
پاداشتی ئەوینداران
قەت ئاوا نادرێتەوە

بۆعەشق و ئەوینی تۆ
شیعر و گۆرانی ئەڵێم
دڵم بائامانەت بێ
لەسینەتا دائەنێم
ئالودەی چاوەکانتم
هەتاکو چاو لێکئەنێم

**ئەم شیعرەم بەتایبەتی بۆ گۆرانی نووسیوە**
**هونەرمەند ( عەتا قەرەداغی ) کردوویەتی بەگۆرانی**

سوپاس بۆ...

هونەرمەند محەمەد فەتاح

بازیان جەلال

لوقمان محەمەد رەشید

عەتا مەحمود

کارمەندانی چاپخانەی بەدرخان

کە هەریەکەیان بە شێوەیەك هاوکارییان کردم بۆ لەچاپدانی ئەم کتێبە.

# پێرست

میوان ........................ ٥
سۆز ........................ ٧
وەسیەت ........................ ٩
ماڵێك بۆ خۆشەویستی ........................ ١١
تابلۆی ئەوین ........................ ١٣
خۆرنەوەزان ........................ ١٥
حەسرەت ........................ ١٧
ناز ........................ ٢٠
سوتان ........................ ٢١
گوڵ ........................ ٢٢
دوا دیدار ........................ ٢٣
بێمروەتی ........................ ٢٥
بەیانی باش ........................ ٢٦
هێما ........................ ٢٧
شێوە ........................ ٢٨
ئەدرەس ........................ ٢٩
نهێنی ........................ ٣١
ئەگەر هاتی ........................ ٣٢
تۆران ........................ ٣٣

خەون ........................................ ٣٥
گریان ........................................ ٣٧
خۆشم ئەوێ ........................................ ٣٨
سۆزی غەریبی ........................................ ٣٩
ئەمتومان ........................................ ٤٢
مەرگی ئەویتێک ........................................ ٤٤
بمبەخشە ........................................ ٤٦
هەر پێت ئەڵێم ........................................ ٤٨
ئولفەت ........................................ ٤٩
ژن ........................................ ٥٠
ئەمشەو ڕۆحم داگیرسێنە ........................................ ٥١
هەڵبژاردن ........................................ ٥٣
بەبۆنەی ساڵی نوێوە ........................................ ٥٤
دواسەرنج ........................................ ٥٥
سۆزێک بۆ نالی ........................................ ٥٧
عەشق ........................................ ٥٩
چاوەڕوانی ........................................ ٦١
بەخۆشەویستیی تۆوە ئەمرم ........................................ ٦٣
ئازارەکانی نامۆیی ........................................ ٦٥
عەشقێکی سەوز ........................................ ٦٧
گوڵی گوڵنات ........................................ ٦٩

خەون ........................ ٣٥
گریان ........................ ٣٧
خۆشم ئەوێی ........................ ٣٨
سۆزی غەریبی ........................ ٣٩
ئەمتومان ........................ ٤٢
مەرگی ئەوینێک ........................ ٤٤
بمبەخشە ........................ ٤٦
هەر بێت ئەڵێم ........................ ٤٨
ئولفەت ........................ ٤٩
ژن ........................ ٥٠
ئەمشەو رۆحم داگیرسێنە ........................ ٥١
هەڵبژاردن ........................ ٥٣
بەبۆنەی ساڵی نوێوە ........................ ٥٤
دواسەرنج ........................ ٥٥
سۆزێک بۆ نالی ........................ ٥٧
عەشق ........................ ٥٩
چاوەڕوانی ........................ ٦١
بەخۆشەویستیی تۆوە ئەمرم ........................ ٦٣
نازارەکانی نامۆیی ........................ ٦٥
عەشقێکی سەوز ........................ ٦٧
گوڵی گۆنات ........................ ٦٩



1968 لە جەلەولا لە دایک بووە.

1975 خێزانەکەیان بەر شاڵاوی ڕاگواستن کەوتووە و لە سلێمانی نیشتەجێ بوون.

1983 دەستی بەنووسین کردووە.

لەزۆربەی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان شیعر و نووسینی بڵاوبۆتەوە.

خۆت مەدەرە دەست قەدەر و
خاکی ئەم ڕۆحەم مەکێڵە
کە هەر ئەشڕۆی چی گلەیی و
یادگار هەیە بەجێی بێڵە

هەموو مانگێکم... عەزیزم
بۆتە مانگی سەفەر لێرە
دەنگ و باسی غەریبیتم
بە هەوریکا بۆ بنێرە

توخوا گوڵم تۆش بەم کۆچەت
خەمێکی کەم بۆ زیاد مەکە
ئەگەر منیشت لە بیر کرد
سلێمانی لەیاد مەکە